# ئیلحاد

## و هۆكارەكانی

نوسینی

الشيخ: د. محمد بن غالب العمري

وەرگێڕانی

ستافی وەڵامەكان

لە بڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان

ba8.org
walamakan.com

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، وبعد:

له گەورەترینی حەقیقەت و ڕاستیەكان بریتیه له بوونی خوای گەوره، چونكه هەریەك له عەقڵ وفیترەت دانی پێدا دەنێن و شاهێدی یەكخوایەتی بۆ دەدەن، خوای گەوره دەفەرموێت:

﴿أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ سورة إبراهيم، الآية: ١٠

واته: ئایا گومانتان له خوای پەروەردگار و پەرستنی به تاك و تەنهایی هەیه ؟! ، له كاتێكدا كه هەر ئەوە دروستكاری ئاسمانەكان و زەوی.

وه بەڵگە و ئاماژەی بوونی خوا هەمەجۆره، فیترەتی پاك ئەوە دەسەلمێنێت كه بەدی هێنەرێكی بەتوانا و بەدەسەڵات هەیە كه هەموو بەندەكان ملكەچن بۆی و بۆ لای ئەو دەگەڕێـــنەوە، وە هەستیش دەرخەری ئەو ڕاستیه بینراوەیە كه خوای گەوره نزیكه له بەندەكانیەوە و وەڵامی داواكانیان دەداتەوە و رزگار وقوتاریان دەكات و سەركەوتویان دەكات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەكانیان.

ولله في كـــل تحريكةٍ

وتسكينة أبدا شاهدُ

وفي كل شيء له آية

تدل على أنه واحد

خوای پەروەردگار چەندین نیشانەی گەورەی دروست كردووە لە گەردووندا كە دەرخەری یەكخوایەتی خۆیەتی و دانپێدانەری هێـز و دەسەڵات وحیكمەتیەتی، وە ئەگەر مرۆڤەكان گومڕا و لادەر نەبن لە ڕێگای ڕاست ئەوا پێویستیان بە بەڵگە نەدەبوو بۆ سەلماندنی بوونی خــوا چونكە خودی فیترەتی مرۆڤ شاهێدی ئەو ڕاستیەیە.

ئای وەڵامی ئەو پیــرێژنە چەند جوانە كاتێك پێیان ووت: ئیمامی فەخری ڕازی هەزار بەڵگەی لایە لەسەر بوونی خوا، ئەویش بەوپەڕی سادەییەوە ووتی: (لو لَم يَكن عنده ألف شكّ لما احتاج إلى ألف دليل!) واتە " ئەگەر هەزار گومانی نەبێت پێویستی بە هەزار بەڵگە نەدەبوو !"[1]

جا بۆیە ناسینی خوا و سەلماندنی بوونی خوا پێویستی بە بەڵگەی زۆر نییە.[2]

* * * * *

[1] تەواوی چیرۆكەكە: (أن الفخر الرازي مر ذات يوم في نيسابور، وكان معه أكثر من ثلاث مائة تلميذ خلفه، خرج بهم إلى السوق، وعجوز في بابها واقفة تنظر، فسألت واحداً منهم فقالت: منهذا الملك؟ فقال: ليس هذا ملكاً، هذا فخر الدين الرازي يعرف على وجود الله ألف دليل، يقول هذا الكلام ليعظمه في نفسها، فضحكت ساخرةً منه وقالت: يعرف ألف دليل؟! وهل وجود الله يحتاج إلى ألف دليل؟! والله لو لم يكن عنده ألف شك ما احتاج إلى أن يعرف ألف دليل!). ينظر في ترجمة الرازي في كتاب: الاعلام للزركلي. (٦/٣١٣).

(٢) بڕوانە : العقيدة في الله. د. عمر سليمان الاشقر ص ٥٧ وما بعده

# هۆكارەكانی ئیلحاد

**هۆكارەكانی ئیلحاد زۆرن بەڵام لە چوار هۆكار دەرناچن:**

**هۆكاری یەكەم: سەرلێشێوانی ئیبلیس بۆ ئادەمیزاد:**

ئیبلیس پەیمانی لە خۆی وەرگرتووە لەسەر ئەوەی كە ئادەمیزاد لەرێگای ڕاست دەربكات، وەكو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ (٨٢) إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ﴾ [ص/٨٢، ٨٣].

واتە: ئیبلیس ووتی : سوێند بە عیززەت و گەورەیی تۆ ئەی پەروەردگار دەبێت هەموو ئادەمیزاد گومڕا و سەرلێشێواو بكەم ، جگە لەوانە نەبێت كە تایبەتت كردوون بۆ خواپەرستی خۆت ، و پاراستوونت لە گومڕاكردنەكەی من ـ واتە : عیصمەتت پێداوون ـ ، و دەسەڵاتت پێ نەداوم بەسەریاندا .

پێشەوا ابن جریر دەڵێت: " ئیبلیس وتی: سوێند بێت نەوەی ئادەم لەڕێ دەربكەم تەنها ئەوانە نەبێت كە تۆ هەڵیانت بژاردووە بۆ خواپەرستی و پاراستوونت لەوەی من بتوانم گومڕایان بكەم "جامع البیان (٢٤١/٢١).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ (٣٩) إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ (٤٠) قَالَ هَذَا صِرَاطٌ عَلَيَّ مُسْتَقِيمٌ (٤١) إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلَّا مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ﴾ [الحجر/٣٩-٤٢].

واته: ئیبلیس وتی : پەروەردگارم بەهۆی ئەوەی كه گومڕا و لاڕێتكردم ئەوا تاوان لەسەر زەوی بۆ نەوەكانی ئادەم دەڕازێنمەوە ، و هەموویان لەڕێگەی هیدایەت گومڕا دەكەم ، تەنها ئەو بەندانەت نەبێت كه هیدایەتت داون و ئەوانیش بە دڵسۆزی و ئیخلاصەوە پەرەستشەكانیان تەنها بۆ تۆ ئەنجامداوە و نەك بۆ دروستكراوەكانت. خوای پەروەردگار فەرمووی : ئەمە ڕێگایەكی ڕێك وڕاستی ومیانڕەوەێتیە ، ڕێگایەكی گەیەنەرە بە ڕەزامەندی من و ئاكامەكەی خانەی ڕێزلێنانی بەندەكانە لەلایەن منەوە . و لەوەش بێگومان بە : ئەو بەندانەم كه دڵسۆز وموخلێصن بۆ من ناهێڵم دەسەلاتت بەسەر دڵەكانیاندا هەبێت بۆ ئەوەی لە ڕێگای ڕاست گومڕا و دوریان بكەیتەوە ، بەڵام دەسەلاتت بەسەر ئەوانە دەبێت كه شوێنت دەكەوون لە گومڕایانی هاوەڵبڕیاردەران ئەوانەی ڕازیبوون بە دۆستایەتی و گوێرایەڵیت لەبری گوێرایەڵییان بۆ من .

لەو ئایەتانەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە كه هەر كەسێك پشت بەخوا ببەستێت ئەوا خوا دەیپارێزێت لە گومڕابوون ولادان، وە ئەوەشی خۆی ڕادەستی وەسوەسەی شەیتان بكات ئەوا ڕێگای ڕاستی لێ وون دەبێت و ڕێچكەی دۆزەخ و سزای سەخت دەگرێتەبەر.

* * * * * *

**هۆکاری دووەم: هەڵخەڵەتان بە حاڵ وباری بێباوەڕان لە ڕووی بیروبۆچوون و ئازادیان کە هەر دروشمە،** وە هەروەها چاوتێبڕین بە کاروباری دونیاییان لەڕووی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیا و داهێنان کە بەشدارن لە خزمەتی مرۆڤایەتی.

جا ڕوون کردنەوەی ئەمەش بەمەی خوارەوەیە:

**یەکەم:** لوتکەی ئەو ئازادیەی کە مرۆڤ چێژی لێ وەردەگرێت ئەوەیە کە بەندەی خوا بێت، وە خوای گەورە ستایشی پێغەمبەرەکەی کردووە بەم جۆرەی بەندایەتی ودەفەرموێت: ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ [الإسراء/١]

واتە: پەرستراوی بەهەق ( الله ) شکۆداری خۆی دەردەبڕێت ، و باس لەگەورەیی خۆی دەکات ، لەبەر توانای بەسەر ئەو شتانەی کەجگە لەو توانای بەسەریاندا نیە ، وهیچ پەرستراوێك نیە بەهەق شایستەی پەرستن بێت جگە لەئەو ، و هیچ پەروەردگارێکیش نیە بەهەق شایستەی پەروەردگارێتی بێت جگە لەئەو ، وە ئەوە کە لەکاتێکی شەودا شەوڕەوی بەبەندەی خۆی موحەممەد ﷺ کردووە ، بەجەستە وبەڕووحەوە ، ولەکاتی بەئاگابوونیدا نەك لەخەوتندا ، لەمزگەوتی کەعبەی پیرۆز کە لەشاری مەککەیە بۆ مزگەوتی ئەقصا لە ( بیت المقدس ) کە خوای پەروەردگار پیرۆز وبەرەکەتی بەسەر خۆی ودەووروبەریدا ڕشتووە ــ لەکشتوکاڵ وبەروبوومیدا ــ وجگە لەوانەش ــ وە کردوویەتی بەجێگەی پەیامبەرانێکی زۆر ، بۆ ئەوەی توانای سەرسوڕهێنەری خوای پەروەردگار وبەڵگەکانی تاك وتەنهایەتی ببینێ .

هەر خوای پاك و بێگەرد وبەرز وبڵندیشە کەبیسەری تەواوە بۆ هەموو دەنگێك ، وبینەری تەواویشە بەهەموو بینراوێك ، بۆیە پێی دەبەخشێت هەموو ئەو شتانەی کە شایستەیەتی لەدونیاو دوارۆژدا .

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّهُ لَمَّا قَامَ عَبْدُ اللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا ﴾[الجن/١٩]، واتە: کاتێك کە پەیامبەر محمد ﷺ هەستا بە پەرەستنی پەروەردگاری ، جنۆکەکان بەکۆمەلاَنێکی زۆری لەسەریەك بەسەریەوە کۆدەبوونەوە ، لەبەر زۆری قەڵەباڵغی کردنیان بۆ بیستنی قورئان لە پەیامبەری خواوە.

جا لوتکەی سەربەستی و ئازادی ئەوەیە کە ملکەچی ئەو خوایە بیت کە بەدی هێناویت لەنەبوونەوە، و پیادەی ئەو سیستەمە دەکەیت کە دایبەزاندووە لە دین و حوکمە شەرعیەکاندا، و ئەو دینەش لە لایەن خوایەکەوە دابەزێنراوە کە داناو کاربەجێیە و سوپاسکراوە و دەزانێت بەندە پێویستی بە چی هەیە و دەبێت لەسەر چ بەرنامەیەك بێت لەکاروباری دوینا ودوارۆژی.

**دووەم:** ئیسلام رێگر نییە لە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیا و دۆزینەوە سەردەمیە بەسوودەکان، بەڵکو هانی لەسەر دەدات و دژو پێچەوانەی ئەو کارە نییە، بەلاَم ئەو دواکەوتن و لاوازیەکە ڕوویداوە ئەوە لە خودی موسڵمانانەوەیە نەوەك لە رێنمایی و دروشمەکانی دینی ئیسلام، جا دەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان ئیسلام و ئەوەی پەسەندی دەکات و بانگەوازی بۆ دەکات و

بەدەستی دەهێنێت و لە نێوان کاروکردەوەی موسڵمانان و پەرتەوازەیی وکەمتەرخەمی وتەمبەڵی ولاوازی.

**سێ یەم:** ئەوەی موسڵمان ئەنجامی دەدات لەکاروباری دینەکەی کە نیەتی خوای گەورەو بەدەست هێنانی پاداشتە لای خوا هاوکات ئەو کاروکردارەش سوود وقازانجی خەڵکی تێدایە، ئەمەش زۆر لەوە گەورەترە کە تەنها سوودی دونیای بوێت، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ (٢٠٠) وَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ (٢٠١) أُولَئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِمَّا كَسَبُوا وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ [البقرة/٢٠٠-٢٠٢] .

واتە: خەڵکانێك هەن هەموو خەم وخەفتێکیان تەنها دونیایە ، بۆیە دەڵێ : پەروەردگارا لە دونیادا لەشساغمان بکە ، و پارە و ماڵمان پێ ببەخشە ، و منداڵمان پێ کەرەم بکە ، ئا ئەو جۆرە کەسانە لەدوارۆژدا هیچ بەشێکیان بۆ نیە ، بەهۆی بێنیازیان بە دوارۆژ و تەنها خەخۆریان بۆ دونیا . وە کۆمەڵێکیشیان هەیە لە دوعاکانیاندا ئەڵێن : پەرووەردگارا لە دونیادا بێوەیی ورزق ورۆزی وزانستی بەسود وکردەوەی چاك و جگە لەوانەش لە پێویستیەکانی ئاینی دونیا پێببەخشە ، ولە دوارۆژیشدا بەهەشتمان پێببەخشە ، و سزای ئاگرمان لێدوور بخەرەوە . ئەم دوعایەش لە گشتگیرترین دوعاکانە ، هەر بۆیە زۆربەی پاڕانەوەی پەیامبەر ﷺ ئەمە بووە ، هەروەکو لەصەحیحی بوخاری وموسلیمدا هاتووە و جێگیربووە . ئەوانەی کە بەم دوعایە دەپارێنەوە پاداشتێکی گەورەیان بۆ هەیە ، بەهۆی ئەو

کردەوە چاکانەی کە ئەنجامیان داوە . و خوای پەروەردگاریش لێپرسینەوەی خێرایە ، و کردەوەی بەندەکانی هەموو دەژمێرێ ، و لەسەری پاداشتیان دەداتەوە .

## هۆکاری سێ یەم: دوبەرەکی و پەرتەوازەیی نێوماڵی موسڵمانان و سەرهەڵدانی حیزبە ئیسلامیەکان:

گومانی تێدا نییە کە دوبەرەکی و بوونی حیزبە ئیسلامیەکان و ڕاونەرن بۆ دوو جۆر لە خەڵکی:

**یەکەمیان موسڵمانان:** ئەو دیاردەیە ڕاویان دەنێت لەوەی دەست بگرن بەدینەکەیانەوە لەترسی ئەوەی نەوەك بکەونە ناو ئەو لادانەی کە حیزبە ئیسلامیەکانی تێدا و کۆمەڵ و تاقمە گومڕاکانی تێکەوتوون ، بەڵکو سەردەکێشێ بۆ دوورخستنەوەی موسڵمانان لە دینەکەیان، و هەروەها ئەو بانگەشە درۆ وساختەیەی کە ئاراستە ودەستە ئیلحادیەکانی تر پێی هەڵدەستن بۆ بانگەواز کردن بۆ خۆیان و زۆربونی شوێنکەوتەیان.

**دووەم : بۆ جگە لە موسڵمانان:** ڕاویان دەنێت و دووریان دەخاتەوە لەوەی بێنە ناو ئیسلامەوە، ئەمەش حاڵەتێکی واقعی و ڕاستەقینەیە لە زۆرێك لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا، لەوەی دەبیینین لە کاروکردەوەی هەندێ لەوانەی کە خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام لە بوونی دوبەرەکی و تاقم و دەستە کە خودی خۆیشیان هاوتا نین لەگەڵ ئیسلامدا و پێچەوانەی قورئان وسوننەتن.

خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾ [آل عمران/١٠٣]، واتە: هەمووتان دەست بگرن بەکتێبی پەروەردگارتان و ڕێنموونی پەیامبەرەکەتانەوە ﷺ ، و شتێك ئەنجام مەدەن کە ببێتە هۆی تەفریقە و پەرتەوازەییتان .

خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ (٣١) مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ [الروم/٣١، ٣٢] واتە: نەکەن وەکو هاوەڵبڕیاردەران و ئارەزووپەرستان و بیدعەکاران بن کە ئاینەکەیان گۆڕیەوەتەوە و گۆڕیویانە ، بەوەی هەندێکیان وەرگرتووە و هەندێکیان وازلێهێناوە ، بە شوێنکەوتنیان بۆ هەوا و ئارەزوەکانیان ، بۆیە بوونەتە چەندەها گروپ و حیزبەوە ، و شوێنی سەرۆك و حیزب و بیروڕاکانیان دەکەون ، و هاوکاری یەکتردەکەن لەسەر ناڕەوایی ، و هەموو گروپ و حیزبێکیشیان بەوەی کە خۆی لەسەریەتی شادمان و دڵخۆشە ، و حوکمی ئەوە بۆ خۆیان دەدەن کە گوایا ئەوان لەسەر هەق و ڕاستین و جگە لەخۆشیان لەسەر ناڕەوایین .

هەروەها لە سوننەتیشدا: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: "إِنَّ اللَّهَ يَرْضَى لَكُمْ ثَلَاثًا وَيَكْرَهُ لَكُمْ ثَلَاثًا فَيَرْضَى لَكُمْ أَنْ تَعْبُدُوهُ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَأَنْ تَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَيَكْرَهُ لَكُمْ قِيلَ وَقَالَ وَكَثْرَةَ السُّؤَالِ وَإِضَاعَةِ "واتە: خوای گەورە لە سێ شت ڕازیە بۆتان ولەسێ شتیش ناڕازی وتوڕەیە لێتان: ڕازیە لێتان کە بەتەنها بیپەرستن وهیچ هاوبەشی بۆ پەیدانەکەن و هەمووتان دەست بگرن بە پەتی (دینی) خواوە و پەرتەوازە مەبن، وە لەسێ شتیش ناڕازی وتوڕەیە ئەوانیش: وتی وتی و زۆر پرسیارکردن و ماڵ بەفیڕۆدان.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " قَالَ نَضَّرَ اللَّهُ عَبْدًا سَمِعَ مَقَالَتِي هَذِهِ فَحَمَلَهَا فَرُبَّ حَامِلِ الْفِقْهِ فِيهِ غَيْرُ فَقِيهٍ وَرُبَّ حَامِلِ الْفِقْهِ إِلَى مَنْ هُوَ أَفْقَهُ مِنْهُ ثَلَاثٌ لَا يُغِلُّ عَلَيْهِنَّ صَدْرُ مُسْلِمٍ إِخْلَاصُ الْعَمَلِ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَمُنَاصَحَةُ أُولِي الْأَمْرِ وَلُزُومُ جَمَاعَةِ الْمُسْلِمِينَ فَإِنَّ دَعْوَتَهُمْ تُحِيطُ مِنْ وَرَائِهِمْ".

واتە: خوای گەورە ڕوومەتی كەسێك گەشاوە بكات كە ئەم وتەیەی من دەبیستێت و هەڵی دەگرێت، چونكە زۆر هەڵگری قسە هەیە كە لێی تێناگات وە زۆر هەڵگری قسە هەیە ئەوەی كە وەری دەگرێت لێی و بۆی باس دەكرێت شارەزاتر وزاناترە لەوەی هەڵی گرتووە، سێ شت هەن كە ئەگەر موسڵمان ئەنجامی بدا دڵی پاك دەبێتەوە لەوەی ڕق وكینەی تێ بچێت و سەلامەت دەبێت لە خراپە ئەوانیش: كاركردن بۆ خوا بە ئیخلاصی ونیەت پاكی، وە ئامۆژگاری كردنی كاربەدەستان و پەیوەست بوون بە كۆمەڵی موسڵمانانەوە چونكە دوعا بۆ كردنیان وەكو پەرژین ودیوار دەیانپارێزێت لە فێڵی شەیتان و دوژمنان.

* * * * *

**هۆكاری چوارەم: دەركەوتنی ئیلحاد بەشێوەی تازە و بەرنامە بۆ دارێژراو وەكو جێگرەوەیەك بۆ هەموو دینەكان** [1] :

بانگەشەكارانی ئیلحاد وا دەری دەخەن كە جێگرەوەیەكی نوێیە بۆ پێغەمبەران و دەستگرتوان بەئیلحادەوە پێشكەوتون و رۆشنبیرن و ئەوانەش وەكو ئەمان نین ئەوا دواكەوتوون و جێماون، جا دوای ئەوەی كە بۆ ماوەیەك گەشە دەكەن وكەمێك بەهێز دەبن ئیتر روو لە لاوازی و بێ هێزی دەكەن ئەوجا رووە راستەقینەكەیان دەردەكەوێت بۆ گشتی بەوەی كە هیچ نین جگە لە دەلاڵی جولەكەی جیهانی نەبێت و ئامانجیان بریتیە لە گومڕاكردنی جیهان و سڕینەوەی ئاكار و ڕەوشت و دارمانی شارستانیەتیان و تێكدانی ئاینیان وەكو چۆن پیشەی هەموو كۆمەڵ وتاقمێكی نارەوا هەروا بووە، كاتێك لە ئەو جۆرە بیروبۆچونانە لەمردن وتیاچوون نزیك دەكەونەوە ئەوجا بەڕوونی بۆ خەڵكی دەردەكەون و رووی راستەقینەیان ئاشكرا دەبێت كە چەند ساختەچین و ئیتر خەڵكی پەیتا پەیتا لێیان دووردەكەونەوە ولێیان ڕا دەكەن و ئیتر خەڵكی بەگشتی دەزانن كە ئەوان بوون هۆكاری بەدبەختی و نارەحەتی و فیتنەو ئاشووب و ئەوان بوون ڕێگای تاوانیان بۆ تاوانباران ئاسان كرد و دواتریش دەستبەرداری ئەو خەڵكەبوون و هیچ سزا وپاداشتێكیش لە گۆڕێدا نەبوون، بەپێچەوانەی ئیسلامەوە كە دەستكاری ناخی مرۆڤەكان دەكات بۆ نمونە : چی وا لە تاوانبار دەكات كە تاوانەكەی ئەنجام نەدات یان دز لەوەی دزیەكەی نەكات یان چی وا لەدڵی دەوڵەمەند دەكات بەزەیی بە هەژاردا بێتەوە ولەماڵی خۆی پێی ببەخشێت و ساختەكار

[1] بروانە : المذاهب الفكرية المعاصرة غالب عواجي ٢٠١١/٢.

ساختەکاریەکەی نەکات و مەی خۆر مەیەکەی نەخواتەوە ئایا چی وا لەو کەسانە دەکات کە ئارەزووەکانیان جێ بەجێ نەکەن.

جا خوێنەر ئەوەی بەسە کە لە وڵاتانی پەیڕەوکاری ئیلحاددا چەند لەو ستەم وتاوان ودەستدرێژیانە بوونیان هەیە وخەڵکی لە چ ژیانێکی ناسۆر ونارەحەتدا دەژین .

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى﴾ [طه:١٢٤]. واتە: ئەوەی کە پشت لەو بیرخستنەوانە بکات کە من یادی دەخەمەوە ، ئەوا لەژیانی دونیایدا ژیانێکی تەسك و تروسك ونارەحەتی هەیە ـ ئەگەرچی وا دیاربێت کە لە کەسانی چاکەکار و لای ڕاستە ـ ، و گۆڕەکەی لەسەر تەسك دەکرێتەوە و ئەشکەنجە دەدرێت تێیدا ، و لە ڕۆژی دوایشدا بەکوێری حەشری دەکەین لە بینایی وبینینی بەڵگەکان .

جا ئەگەر ستەم و خودپەسەندی و شوێنکەوتنی ئارەزوو لەنێو باوەڕداراندا بوونی هەبوو ئیتر گومانت چییە بۆ کۆمەڵگەیەك کە باوەڕی بە پەروەردگارێتی الله نییە و بە پێغەمبەرێتی موحەممەد نییە و بە دینی ئیسلامیش بێباوەڕە؟! هیچ ویژدانێکی زیندوو نییە کە بیریان بخاتەوە بەوەی کە ئەوانی تریش مافیان هەیە و گومان چییە بەو کۆمەڵگایانە کە وەکو ئاژەڵ و بەڵکو گومڕاتر ژیان دەگوزەرێنن ولەژینگەیەکدا ناژین کە پڕبێت لەخۆشەویستی بۆ یەکترو ڕێزنان لە ئەندامانی خێزان و سیلەی ڕەحم و خزمایەتی گەیاندن و بەهێزکردنی پەیوەندی خزمایەتی و خۆشەویستی نێوان یەکتر.

ئەوان منداڵانیان لەنێو دایەنگەی حكومیدا رۆژەكانیان تێدەپەڕێنن و هاوسەرەكانیان هەریەك بەجیا لەهەڵپەی پڕكردنەوەی پێویستی ژیان و گوزەران و ئارەزوی خۆیدایە.

یان كوا خزم و سیلەی رەحم گەیاندن؟

هەموو ئەمانە ئیلحاد دژایەتیان دەكات و یەكرێزی نێو كۆمەڵگا ناهێڵێت وهەردەم لەهەوڵی پچڕاندن و ترازاندنی چین وتوێژەكانی نێو كۆمەڵگایە بەهەموو ڕەنگ و رەگەزێك و ئاینێكەوە و خۆیانی كردووە بە دوژمن و ناحەز و هەواڵگری یەكتر ومتمانە نەماوە لەنێوانیاندا وئەوەندە بیری دوور لەدینی خستۆتە نێو خەڵكەوە بەناوی سیاسەت وئابوری و حیزبایەتی ونیشتیمان پەروەری و ئایدۆلۆژیاوە هەتا وای لێكردوون هەر كۆمەڵە خەڵكێك و جۆرە بیروبۆچوونێكیان هەیە و هەڵگری ناسنامەیەكی فیكری جیاوازن لەوی تر و تەنانەن دژی یەكتریشن وهەوڵی شكاندن وسڕینەوەی ئەوی تر دەدەن و بەخۆیشیان نازانن كە ئەمە پیلان و نەهامەتیە كە پەیڕەوی دەكەن.

جا بۆیە پێویستە ئەندامانی كۆمەڵگەی موسڵمانان تێكڕا دووربكەونەوە لەو جۆرە بیرو ئایدۆلۆژیایانە وەكو دووركەوتنەوەی لەشساغ لەكەسی تووش بوو بە نەخۆشی گەڕی وبەڵكو لەوەش خراپتر، وە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و لێی بپاڕێنەوە و داوا لە خوا بكەن كە بێباوەڕان سەرنەخات و زاڵیان نەكات بەسەر موسڵماناندا.

والحمد لله رب العالمين